**ماددەی (٦):**

ئەو کەسانەی زەرەرمەندبوون لە ئەنجامی پیسبوونەکە بۆیان هەیە پەنا بەرنە بەر دادگا مەدەنیەکان بۆ داواکردنی قەرەبوو لەبڕی ئەو زیانانەی بەریان کەوتووە بەپێی ئەحکامی یاسا.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئەحکامی قەرەبووکردنەوە کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە ڕێگر نیە لە جێبەجێکردنی ئەحکامە سزاییەکانی لەیاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی بەرکار دا هاتووە.

**دووەم:** دەکرێت سکاڵای سزایی لەسەر سەرپێچیکارانی ئەم ڕێنماییانە بۆلایەنی قەزایی تایبەت پێشکەش بکرێت.

**ماددەی (٨):**

کار بەهیچ دەقێک یان ڕێنماییەک ناکرێت پێچەوانەی ئەحکامی ئەم ڕێنماییانە بێت.

**ماددەی (٩):**

لەسەر لایەنی پەیوەندار پێویستە ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٠):**

ئەم ڕێنماییە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

**ئەندازیار/ عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**

---

**ئەنجومەنی دادوەری**

**ژمارە :٧٢ لە ٢٠٢١/١٢/١**

**بڕیار**

پشت بەحوکمی مادده (١٢) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ی هەموارکراو وە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٧٧) لە ٢٠١١/١٠/٤ و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی / کاروباری یاسایی ژمارە (٦٠٨٩) لە ٢٠٢١/١١/٢، ئەنجومەنی دادوەری بەکۆی دەنگ بڕیاریدا بە :-

١- پێکهێنانی نووسینگەی خوێندنەوەی کەسی (مكتب دراسة الشخصية) لە هەر یەک لە دادگاکانی نەوجەوانانی ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک – کەرکوک/ گەرمیان) بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەو ئەرک و ڕێکارانەی کە لە یاسای ئاماژەپێکراوی سەرەوە بۆی دیاریکراوە

٢- ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**دادوەر/ عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**